# دیکۆری هێمن و سادە لە ماڵدا



دیکۆری ماڵ، پێویستی بە جوانکاری و هەنگاوێکی شایستەیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شێوازێکی جوان و ناسکۆڵەوە، دەکرێ سوودیان لێوە وەربگرین لە مانای جوانی دیکۆرەوە، تەنانەت دیکۆر لە هەر ستایلێکدا جیاوازی هەیە و ئەمەش وادەکات کە هەر کەسێك جۆرە شێوازێك هەڵبژێرێت، چەندین جۆر دیکۆر هەن کە دەکرێت لە ماڵدا وەك دیکۆرێکی سەرەکی دابنرێن و ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە جوانترین مۆدە دیاری بکەن. مۆدەکان هەر یەکە بە جوانییەکەوە دەبێ، یەکێك لەو دیکۆرانە، دیکۆری (هێمن و سادەیە)، بە شێوەیەك دیمەنێکی ڕازاوە و هێمن لە خۆ دەگرێت و بە جۆرێك دەبێتە ڕازاوەیی و، دەکرێتە مۆدەیەکی جوان لە دیکۆری ماڵدا، کە مۆدەیەکی هێمن و لەسەرخۆ نیشان دەدات.





ئێکسسوارە جوانەکان وادەکەن شێوازی جوانی خانمان بە ناسکترین شێواز دەربکەوێ و مۆدەیەکی تازەش ببەخشێتە سەر ستایلی جوانی، لەگەڵ مۆدەکاندا شێوازێکی تایبەت و ڕازاوە دەردەکەون،

## جەنتای بچووک مۆدەیـ




ئێکسسوار هەردەم شێوازێکی قەشەنگ لە جوانی جەستەوە وەردەگرێت، تەنانەت مۆدەکە دەبێ لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ڕەنگ و سیمای جلەکاندا بەرەو ستایلێکی گەشاوە ڕێگە بگرن، ئەمەش وادەکات گونجاندن لەنێوان ئێکسسوار و جلەکان دروست بکات و شیاوی جوانی و مۆدەیەکی تایبەت بێ، لێرەدا ئێکسسوارە بچووکەکانیش ڕۆڵی خۆیان دەبێ لە مۆدەیەکی تایبەتدا، یەکێك لەو مۆدە کلاسیکانە، کە

## پێڵاوە جوانەکان ستـ

لەگەڵ گۆڕانکاری لە جلەکاندا، مۆدەی گشت جلێك گۆڕانکاری بەسەردا دێ و ئەمەش بەپێی ستایلەکان دەگۆڕدرێ، یەکێك لە مۆدەکان کە لە ماوەیەکی زوودا گۆڕانکاری بەسەردا دێ، ستایلی پێڵاوەکانە، کە بە جۆرێك لە نزیکەوە بە جوانترین شێواز شێوەی جەستەی خانمان دەگۆڕن، جوانی پێڵاوەکان زۆر کاریگەرە لەسەر جوانی قاچ و بەشی خوارەوەی جەستەی خانمان، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جلەکاندا گونجاندن





# ئەڵقەی ئەڵماس شایستەی جوانیتە

یەکێك لەو لایەنانەی جوانترت دەکەن بریتییە لە ئەڵقەی پەنجە، ئەمەش لەگەڵ شایستەترین مۆدەکاندا جوانییەکەی کراوەی دەبێ، لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا مۆدەی ئەڵقەکان زیاتر لە زێڕە، کەچی مۆدەیەکی دیکە هەیە، شایستەترە لە زێڕ، کە ئەویش ئەڵقەی ئەڵماسە.

ئەڵقەی ئەڵماس هاوتای کۆمەڵە زێڕێکە، ئەمەش بەهۆی ئەو جوانی و ڕەنگینییەی هەیەتی، بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی ئەڵقە ئەڵماسەکان جوانترین مۆدەی ئەڵماس بەدی بکەین، جوانی ئەڵقەی ئەڵماس لە شێوە و سەرە ئەڵماسەکەیە، ئەمەش دەکرێ جوانییەکی ناسکۆڵە بە پەنجەکانی خانمان بدات.

## جلەکانی ماڵەوە ڕازاوەترت دەکەن



جلوبەرگ بە چەندین شێوازی تایبەت و ڕازاوە دەبێ، ئەمەش وادەکات کە مۆدەیەکی ڕازاوە و جوان لە خۆ بگرێ، جلەکان لە گشت کات و شوێنێکدا پێویستیان بە گۆڕانکاری و نوێکاری دەبێ، لێرەدا شێوازی جلەکان جیاوازیان هەیە لە هەر شوێنێکدا، هەروەها کاتەکەشی گرنگە کە چ جۆرە جلێك دەپۆشرێت. بۆ نموونە جلەکانی دەرەوە جیاوازییان هەیە لەگەڵ جلی ماڵەوە، تەنانەت بەپێی کاتیش جیاوازییەکان زیاتر دەردەکەون، ئەمەش لەکاتێکدایە کە خانمان لە ماڵ دەبن، پێویستیان بە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوان دەبێ، مەبەست لەوەش ئەوەیە وەك خانمێکی ڕازاوە دەربکەون، جلەکانی ماڵەوە دەبێ بە جوانترین و شایستەترین مۆدەوە بن، تەنانەت ڕێگەیەك دەبێ بۆ ڕازاوەیی و خانمانی ماڵیش کە ناوبانگ و جوانییەکی ڕازاوەش دەبەخشنە ماڵەکە، ئەو چەند دەستە جلە شیاوی مۆدەی ماڵەوەیە کە خانمان دەتوانن سوودی لێوە وەربگرن و بە جوانترین شێوەش پێوەی ڕازاوە بن.

## ـەکی کلاسیک و ڕازاوە



لە پێشوودا بەکاردەهێنران، یان لەلایەن خانمانی شاژن و شازادەکان کاری بۆ دەکرا، بریتییە لە جەنتای بچووك لە دەستی خانمانەوە، ئەمەش شێوازێکی تایبەت و مۆدێرنە، بۆیە هەوڵبدە جەنتای لەم جۆرە بەکاربهێنی و شێوازێکی ڕازاوەیی و ناسکی پێوە دیار بێ و لەگەڵ هەر دیمەنێکی لەم جۆرە مۆدەیەکی کراوەت دەست دەکەوێ، ئەمە دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی جەنتای دەستی بچووك کە لە نێو لەپتدا دەبێ.

## ـایلی جوانیت دەگۆڕن

دروست دەکەن، ئەم شێوازەی پێڵاوو جوانی ئەو پێڵاوە بە شێوەیەکی ڕازاوە دەبێ، بە تایبەت بۆ کاتی ئاهەنگ و بۆنە گشتییەکان لە پێ دەکرێ، کە لەگەڵ جلی کوردی و جلی بیانی دیمەنێکی ڕازاوە دەبەخشێ، لە کاتێکدا شێوەی ئەم جۆرە جوانییە، دەبێتە مۆدەیەکی ڕازاوە لەسەر جەستە، کە جوانییەکان زیاتر لە پاژنە بەرزەکە و ڕەنگەکانیەتی.



# بیرۆکەی زەوی کێڵان سەرەتا بە دەست و بازووی کوردان بووە

دیمەنێك لـــە پیاوێکی پیری کـــورد، کە کیڵان دەکات و زەوی دەکێڵێـــت، ئەمەش بە ئێســـتر و دارەوە، کە ئـــەو ئامێرەش وەك بیرۆکەیەك لەلایەن کوردەوە دروست کراوە، کە دار دەهێنن و خوارەوەی تیژ دەکەن، یان گاســـنێکی لێوە دەبەستن، ئەویش لە ئاسن دروست دەکرێ و وەك چەقـــۆ وایە، کە توانای چوونە نـــاو زەوی هەیە، تەنانەت ئەمەش بیرۆکەیەکی سادەیە و بەڵام سوودێکی گەورەی هەیە لە بواری کێڵانی زەوییدا، کارەکـــەش بەم شـــێوەیە دەبێ، یەکێـــك لە دواوەی ئامێرەکە دەبێ و دەســـتی دەخاتە ســـەر ئەو دارەی کە بەســـەر گاســـنەکەوە یان دارەکەی خوارەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستر یان گوێدرێژەکانیش کە زیاتر لـــە دووان دەبن، دارەکە رادەکێشـــن و بەم هۆیەوەش زەوییەکە هێواش هێواش دەکێڵدرێ، ئەم بیرۆکەیە بـــەر لە دەرکەوتنی تراکتۆری کێـــڵان پەیدابووە، ئەگەر چی ئێستا تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە، بەڵام کار لەســـەر ئەو کێڵانـــە کوردەوارییە هەر ماوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تراکتەرەکان ناگەنە ناوچە بەرزەکان یان نزمەکان، بۆیە لە ڕێگەی گاســـنی دارەوە زەوییەکە دەکێڵن.



## ئوتۆمبێلێکی شووشەیی!



کارە ســـەیرەکان لە بیرۆکە و هەنگاوێکی بچووکەوە دەست پێدەکەن، ئەنجامەکەشی شێوەیەکی سەیر و جـــوان دەردەچێت، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە جێگەی سەرســـوڕمانی گشت لایەك دەبێ لەوەی چ مەبەستێك لەو کەرەستانە یان بەرهەمانەدا هەیە، ئەوەی دەیبینن ئوتۆمبێلێکە و شێوەیەکی ترسناك لە خـــۆ دەگرێ، کەســـانێك هەن گرنگییەکی زۆر بە جوانکاری ئوتۆمبێـــل دەدەن، تەنانـــەت کارەکان وای لێدێت کە ببێتە جێگەی سەرســـوڕمانی کەســـانی دیکـــە، ئەو ئوتۆمبێلـــەش یەکێکە لە کەرەستە سەیرەکان، کە ســـەرتاپای بەشی دەرەوەی بە شووشـــە پۆشـــراوە، رەنگە بۆ پارێزگاری بێت، یان بۆ جوانـــی، ئێوەش دەتوانـــن حوکمێکـــی لەســـەر بدەن کـــە ئەم شووشـــەیە چ جـــۆرە سوودێکی دەبێ.

# عاشقەکان کاری سەیری خۆیان دەکەن

عاشقەکان دەبێ کاری سەیری خۆیان ئەنجام بدەن جا هەر چۆنێك بێ، کەچی گوێ نادەنە هیچ لایەنە کاریگەرییەکانی دیکە، بۆیە ئەوەی لە دڵیانە دەیخەنە سەر زمان و ئیتر دەبێتە کارێکی سەیر، یەکێك لەگەنجە سەرشێتە عاشقەکانی وڵاتی ئەڵمانیا، لە فیستیڤاڵی ساڵانەی ئەو وڵاتە، هەڵساوە بە دروست کردنی وێنەی دڵێك لەسەر جەستەی خۆی، وێنەکە لەسەر پشتی دەبێ و ئەمەش بەهۆی تاشینی ئەو موەوانەی پشتی کە تاوەکو شێوەی دڵێك دەربخات، ئەمەش وایکرد کە ببێتە سەیرترین دیمەن لەو فیستیڤاڵەدا، تەنانەت سەر شێتی خۆی بە ڕێگەی ئەو کارەوە دەربڕیوە کە گوزارشت لەوەدەکات عاشق بێ.





# بووکێکی لە خۆ یاخی

ماوەی هاوسەرگیری دەبێتە دوو حاڵەتی جیاواز لەلای هەندێك لە بووك وزاوا، حاڵەتی یەکەم دەبێتە خۆشی و شادی و گەڕان و ژیانێکی شیرین و هەنگوین، حاڵەتی دووەمیش تووشی شۆك بوون و ترسانە و دڵەراوکێیە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی ڕوودەدات لەم ماوەیەی سەرەتایی کە ماوەیەکی هەستیارە، ئەو بووکە جوانەی دەیبینن لە وڵاتی مالیزیایە، دوای ئەوەی بە دڵی خۆی شووی نەکردووە بەو پیاوە، بۆیە ویستویەتی خۆی بکوژێ. ئەوەی سەیرە شێوازی هەوڵدانە بۆ خۆکوشتنەکەی، کە نامەیەکی نووسیوە بۆ مێردەکەی و پێی وتووە: من لە پەنجەرەکەوە خۆم دەخەمە خوارەوە و تۆش گەر منت خۆش دەوێ ! بمگرەوە.





# کچە قژ درێژەکان



هەندێك لە ئافرەتان حەز بە قژی درێژ دەکەن و هەندێکی دیکەش ڕقیان لێیەتی، بەهۆی ئەو خزمەتەی کە قژ پێویستی پێ دەبێ، چونکە پێویستی بە پاککردنەوە و جوانکردنی قژەوە دەبێ، لێرەدا دەکرێ حاڵەتەکان ببێتە خولیای سەیر، وەك ئەو چەند دیمەنەی دەیبینن کە یەکێکە لە سەیرترین دیمەنەکان، هەر یەکە لەوخانمانە درێژی قژیان لە مەترێك زیاترە، ئەمەش وەك مۆدیلێك وایە لە باشووری وڵاتی تایلەندا، لای خۆمانیش کچان هەن قژیان درێژە و نازی پێوە دەکەن، قژ درێژی مۆدێیەکی جوانە و تەنانەت دەبێتە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و سەیرو سەمەرە.



## پارچە شیعرێک

**ئەحمەد موختار جاف دەڵێ :**

لەشێخ و واعیز و سۆفی، لەمەولا من کەنار ئەگرم
پیاڵەی مەی بەیادی دیدەی مەستی نیگار ئەگرم
لە شـــەوقی بەژن و باڵای تۆیە، ئەی شـــۆخی پەری پەیکەر
لە باغا جێ لەسایەی عەرعەر و سەروو و چنار ئەگرم

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبــــدە ئەو پیتانـــەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئـــەوەی گۆرانیبێژێکی کچی کوردت بۆ دەربچێ .**

د ز ا ا ن ر

**وەڵامی ژمارەی پێشوو (رەواندوز)**

## نوکـتە

- یەکێك بە باوکی دەڵێت : باوکە ئەگەر لە ژوورێکدا ١٠ هەزارت بینی لەمسەری ژورەکە ٥ هەزاری دیکەت بینی، کامیان هەڵدەگریت؟
باوکی : بێگومان ١٠ هەزارەکە...
کورەکـەش دەڵـێ : های لەو بـێ ئەقلییـــە، ئەی بــۆ هەردووکی هەڵناگری!


* * *

- یەکێك زۆر رەزیل و بەخیل دەبێ شەو خەو ئەبینێ پارە ئەکاتە خێر کە لە خەو هەڵسا گوتی : خەیاڵتان خاوە ئەگەر جارێکی تر من بخەوم..




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەبواری سۆزدارییەوە کەمێك نائومێد دەبیت و هەست دەکەیت لەیەکگەیشتن لەبـــواری کۆمەڵایەتـــی و خێزانییەوە ئاسان نییەو لەدڵڕاوکێیدا دەژیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەساتێکی دژواردا تێپەڕدەبیت و هەست بە دڵەڕاوکـــێ دەکەیت، رەنگە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا ڕووبەڕوو ببیتەوە یان کۆسپێك بیتە بەردەم.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

دەستکەوتەکانت باشـــتر دەبن و هەست بە جموجۆڵی زیاتر دەکەیت، لەوانەیە ژیانی ســـۆزداری وات لێبکات کە هەســـت بە شادی و کامەرانی زۆرتر بکەیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەست بە دڵتوندی و نارەحەت، سەبارەت بە خزمێك یان دۆستێك پەرێشان دەبیت و دەکەویتە دڵەڕاوکێ، باری سۆزداریشت زۆر باش نابێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لە پەیوەندیەکانت چارەسەری هەندێك ناکۆکی و کێشـــە دەکەیت، گەشـــتێك دەکەیت یاخود بەشداری چالاکیەك دەکەیت و فشارەکانیش کەم دەبنەوە.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەپەیوەنـــدی ســـۆزداری وریابـــەو ئاگاداری خۆتبە، لەاونەیە لێکدابڕان و یان ناکۆکییەك سەرهەڵبدات کەببێتە هۆی دڵەڕاوکێت.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان جیاوازییەکاندا**



# قوفڵ بۆ مۆبایل و نەعلت دانێ !



بیرۆکـە سـەیرەکان بـە چەندین کاری سەیرەوە دەردەکەون، لە کاتێکدا کەسـانێك هـەن پڕ بە دڵـی خۆیان



بڕیارێك دەدەن کە شایستەی بیرکردنەوە نییە، ئەوەی دەیبینن دوو بیرۆکەیەکە بۆ پارێزگاری کەسێك لە مۆبایلەکەی یان نەعلەکەی لە دزین و کەوتن، کە هەڵسـاوە بە دانانی قوفڵێکی گەورە لەسـەر بەرگی مۆبایلەکـە هەروەها لەسـەر هەردوو تاکی نەعلەکە کە لە سەروناوقەدییەوە بەستوویەتی، ئەمەش وادەکات دیمەنێکی سـەیر ببەخشێ، تەنانـەت ئەگەر تێلفۆنـی بۆ بێ، چۆن پێ دەگات کە قوفڵەکە بکاتەوە و وەڵامـی پێوەندییەکـە بداتەوە یان نەعلەکە لەپێ بکات ئەگەر کارێکی هەبێ.

## مانای شتەکان لە خەون

گریان :ئەگەر گریان ڕەش پۆشی ولەخۆدانی لەگەڵ بێت مانای خەم وخەفەتە، ئەگەر یەکێك لە ترسـی خوا یان بە هۆی خوێندنی قورئانی پیـرۆز یان بـە هۆی پەشـیمانی لەکردەوەیەکی نـارەوا بگریێت ئەوە مانای خۆشی و شادییە و هەروەها مانای باران بارین و تەمەن درێژی وخوا پەرستنە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕووداوەکان دڵت خۆش دەکەن، ئاسۆی سۆزداریشـت دەگەشـێتەوە بەخـت لەکاروبـارەکان هاوکاریـت دەکات، گۆڕانکاریـش لەبەرنامـەی ژیانـت دەکەیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەدوای پڕۆژەی گوماناوی مەکەوە، هەر کارێکی بەرەو ڕووتی دەکەنەوە لێی دڵنیابـە ئینجا جێبەجێـی بکە، ئەگینا لەوانەیە تووشی زیان ببیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بە بارودۆخی ژیانتدا بچۆرەوە، شتەکان ئەوەندە گەورە مەکەو پەلەشـت نەبێت لەگەیشتن بەهیواو ئاواتەکانت .



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ڕەنگە دڵـت بە ئاراسـتەیەکی دیکە لێبـدات، یاخود ئارەزووی ڕابواردن و خۆشی و شـادی دەکەیت، هەروەها هەست بەئازادی و سەربەستی زیاتر دەکەیت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بەقووڵـی لەبابەتـەکان ڕابمێنـەو ئاگاداری تەندروستیشـت بە، پێش جێبەجێ کردنی هەر پڕۆژەیەك باش بیری لێبکەوەو بیروڕای دۆستانیشت وەربگرەو.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

گرفتەکان چارەسـەر دەکەیت و هەسـت بە چالاکییەکـی زۆر دەکەیت، لەهەمان کاتیشدا توانات لەتێگەیشتنی ڕووداوەکانی دەوروبەر زیاد دەبێت.

## بۆ ژاخـاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کەلار) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ دۆم، یان ئەوهۆزانەی زۆر گەشت دەکەن)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی نەرم)
- پیتی خانەکانی (٥+٢+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ ناوەڕاست)
- پیتی خانەکانی (٧+٤+٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ماددەیەکە دارتاش بەکاریدەهێنێ بۆ بەستانی دار)